خوێندنی ئێواران لە زانکۆ فەرامۆش دەکرێت

قوتابییەک: وەزارەتی خوێندنی بالا کەمتەرخەمە

دکتۆر عەباس: بەداخەوە تا کۆلێژەکان نەکرێنەوە بیری جێگەو مامۆستای پسپۆڕیان نییە

د. عەباس موستەفا

ئا: بەهەشت عەلی

خوێندنی ئێوارانەکانیش هەروەکو قوتابخانە و زانکۆکانی تر پڕن لە کێشەو گرفتو نەبوونی خزمەتگوزاری، نارەزایی قوتابیان لە پرۆگرامو مامۆستای پسپۆڕ و ئەو خوێندنگەیانە لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە بەشێك لەو گرفتانە کراوە.

کانیاو جەبار سەبارەت بەوەی کە قوتابی تا چەندە بە پەرۆشەوە هەوڵی تەواوکردنی خوێندن ئەدات لە خوێندنی ئێواراندا؟ وتی: «ئەتوانین قوتابیەکان پۆلێن بکەین بە دوو بەشەوە ئەوانەی بە قبوڵ مەرکەزی وەرگیراون هەمان هەستیان هەیە بۆ تەواوکردنی خوێندن هیچ جیاوازییەکیان نییە لەگەڵ قوتابیانی بەیانیاندا، بەڵام ژمارەیەك ئەندام پەرلەمان لەناویاندا هەیە پاش تەنها هیلاکی پێ ئەبرا، لەبەرئەوە ئەبینین چەند ساڵە ئێمە لە نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ و پرۆگرامەکانەوە بووە من وەکو خۆم هیچ ئیمانم بە شەهادەکەم نەماوە، چونکە نەقسی هەیە لە یەکێ لە موحازەرەکاندا، بەیانیان ئەبێ دوو وەحدە وەربگری، بەڵام لە کاتێکدا من یەك وەحدە وەرئەگرم ئەویش بەناتەواوی لەبەرئەوە ئێمە نەقس هەیە لە شەهادەکانماندا لە بەرامبەر بەیانیاندا بە حوکمی ئەوەی مامۆستاکان ئامادە نین بەو جۆرە بێت وانە بڵێنەوە، هیچ کەسێکیش خۆی لێ تەوق نییە لە بەیانییەوە تا ئێوارە وانە بڵێتەوە و شەویش بێت وانە بڵێتەوە لە پیناوی هیچدا نەك تەنها بڕە پارەکەی بدەنێ کەسیش ئامادەنییە سوپاسیشیان بکات».

بەشێکی تر لە بێزارییەکانی قوتابیانی ئێواران ئەو جیاوازییە زۆرەیە کە لە نێوان بەیانیانو ئێواراندا ئەکرێت، بە حوکمی ئەوەی کە مامۆستاکانیان زۆربەی ماستەرو دکتۆرایان هەیە، ئێمە ئەبینین موعیدێك دێت وانەمان پێ دەڵێتەوە، خۆ هەرچەندە ئەگەر لە ڕووی ئاستی زانستیەوە قسە بکەین ناتوانین بڵێین موعیدەکان هەموویان بە تەواوی خراپن کەسانی زۆر باشو چاکیشیان تیایە، بەڵام بە تەئکید کاریگەری ئەبێت لەسەر ئێمە جا لە لایەکی ترەوە یارمەتی پرۆژەی هیوا کە سالی یەکەم بۆ قوتابیانی بەیانیانو ئێواران بوو، بەڵام بۆ سالی دووەم بەهەر بیانویەکەوە بێت بۆ قوتابیانی ئێواران نەما، ئەتوانین بڵێین یەکەم دەستە گوڵ کە سەرۆکی تازەی حکومەت پێشکەشی قوتابیانی ئێوارانی کرد بێ هیوابوونی قوتابیانی ئێواران بوو لە پرۆژەی هیوا بە حوکمی ئەوەی ئەڵێن قوتابیانی ئێواران پێویستی نییە بە تەئکید وانییە من پێت ئەڵێم قوتابی وا هەیە توانای نییە پارەی ساڵانەکەی بدات، قوتابی وا هەیە بە شەو بە زستان ڕێگەیەکی دوور ئەبڕێ توانای ئەوەی نییە پارەی تەکسی بدات، خۆی ئامانجی پرۆژەی هیوا بۆ دەست گیرۆیی قوتابیانی هەژار بوو، بەڵام ئەبینین مەسئولینی خۆیان ئەوەی کۆلێژی یاسایان تەواو کردووە یان کۆمەڵە کەسێکی سیاسییە، بە قبوڵخاس وەرگیراون، کەواتە فەلسەفەی کردنەوەی بەشە ئێوارانەکان بۆ مەسئولین بوو، واتە حکومەتو حزب لەبەر خاتری کەسەکانی خۆیان کردوویانەتەوە، ئەوەش تەنها بۆ بەدەستهێنانی شەهادە هاتبوون، بەڵام کۆمەڵێك قوتابی کە لە دوای برینی قۆناغەکانی ئامادەییەوە هاتوون جا بە چ هۆیەکەوە کە هەندێکیان نمرەکانیان لە نمرەی قوتابیانی بەیانیان بەرزترە ئەوان بە هەمان پەرۆشییەوە ئەخوێنن، بەڵام کۆمەڵێ کەسی وایان لە گەڵدایە کە هیچ گرنگی بە خوێندنیان نادەن ئەمەش کاریگەری ئەبێ لەسەر ئەوانیش».

کانیاو هەروەها دەڵێت: «ئەتوانم بڵێم ئەو بڕیارە هەڵەی وەزیری پێشووتری خوێندنی بالا بوو کە بڕی ئەو پارەیەی ئەدرا لە جیاتی یەك سەعاتی خوێندنی ئێوارانەکاندان کەم کرایەوە بەو شێوەیە وانەوتنەوە بۆ پشوو نایەنەوە ئەمەش کە هەمووی ئەگەڕێنمەوە بۆ خەتای قوتابی خۆی، چونکە بەراستی ئیهمالی خۆیانەوە، لەبەرئەوە ئەتوانم بڵێم لەهەر کولیەیەکدا بێ بەیانیان بێت یان ئێواران بەشی خۆی قوتابی ئیهمالو بەپەرۆشی تیایە».

هەر سەبارەت بە کێشەکانی قوتابیانی ئێواران (د. عەباس موستەفا) یاریدەدەری ڕاگری کۆلێژی زمانی ئێواران وتی: «من ئێستاش ئەڵێم خۆزیا هەزار جار هەموو ئەو کۆلێژو بەشانەی ئەکرێنەوە لە کوردستاندا پێش ئەوەی ئەو بەشو کۆلێژە بکرێتەوە شوێنو مامۆستای پسپۆڕو باشو جێگاو ڕێگایەکی باش بۆ دابین بکرێت ئینجا بکرێتەوە نەوەك هێشتا مامۆستا نییە هێشتا شوێن و بینا کەرەستەی خوێندن وانە وتنەوە نەبووبێت، بەڵام تۆ بەشت کردۆتەوەو کۆمەڵێ قوتابیشت بەسەریدا فەرز بکرێ ئەمە یەکێکە لەو موعاناتانەی کە هەمان بووەو هەشمانە، لەگەڵ ئەوەشدا کردنەوەی بەشە ئێوارانەکان هەڵبەتە کەسانێکی زۆر سوودمەند بوون لێی، ئەو کەسانەی نەیانتوانیوە لەبەر کارو کاسبیو ئیشی ڕۆژانەیان لە بەیانیاندا بخوێنن هاتوونەتە ئێواران، تۆ لە جیاتی ئەوەی ٥٠ قوتابی وەربگریت کە بەشێکی دووەمت هەبوو لە ئێواراندا ٥٠ قوتابی تر وەرئەگرێت ئەوە ١٠٠ قوتابی کەواتە ئەم قەیرانە ئێستا تێیکەوتووین قوتابییەکی زۆرو کورسی کەم لە زانکۆو پەیمانگاکاندا، یەکێك لەو هۆکارانەی کێشەی ناوەتەوە و کێشەیەکی گەورەی ناو ئێواران، خۆی سیاسەتی دامەزراندنی ئێواران لە ئەساسدا بۆ ئەوانە بووە کە لە خوێندندا دابڕاون کە هەڵی ئەڵێم: خۆزگە بەشە ئێوارانەکانی زانکۆی ئێمە یان کۆلێژەکانی ئێمە فراوانتر ئەکران بۆ نموونە بکرانایە بە زانکۆیەکی سەربەخۆی ئێواران ئێمە تاکو ئێستا چەند بەشو کۆلیژێکین سەر بە زانکۆی سلێمانی، بەڵام بکرێت بە زانکۆیەکی سەربەخۆ و لە جیاتی حەوت هەشت بەشی تیابکرێتەوە، ٥٠ بەشی تیابکرێتەوە جێگەو شوێنی گونجاوی بۆ دابین بکرێت، هەموو پێداویستیەکان بۆ دابین بکرێتو لە جیاتی ٢٠٠٠ قوتابی ١٠ هەزار یان ١٥ هەزار قوتابی وەربگرێتو مامۆستاو پسپۆڕی باشیان بۆ دابین بکرێت تاکو بە پسپۆڕییەکی باش تەواوی بکەن».

هەروەها دکتۆر عەباس دەڵێ: «یەکێك لە کێشەکانمان ئەوەیە ئەو مامۆستایەی لە بەیانیاندا وانە دەڵێتەوە هەمان مامۆستا ئەبێ لە ئێوارانیشدا وانە بڵێتەوە، بەڵام هەموو مامۆستاو پسپۆڕێك لەوانەی بەهۆی مالو ئیشو کارییەوە پێی نەکرێت ئێوارانیش وانە بڵێتەوە هەر لەبەر ئەوەیشە قوتابی هەست بە جیاوازی ئەکاتو هەق نییە هەست بەو جیاوازییە بکات، لە ڕووبەکی تریشەوە ئەگەر جیاوازی بکرێت ئەوەیە کە نمرەیەکی زۆرتر لە نێوان ئێواراندو بەیانیاندا هەیە بۆ نموونە، ساڵی پار کەمترین کۆنمرە لە بەیانیاندا ٩٢ بووە، بەڵام کەمترین کۆ نمرە لە قوتابیانی ئێواراندا ٨٥ بووە کەواتە قوتابی خۆی هەست بە جیاوازای ئەکات لە کاتێکدا نمرەیان لە بەیانیان کەمترە، ئەگەر سەبارەت بە پرۆژەی هیوا قسە بکەین بۆ دەوامی ئێواران، خۆی سیاسەتی دامەزراندنی ئێواران لە ئەساسدا بۆ ئەوانە بووە کە لە خوێندندا دابڕاون کە هەڵی خوێندنیان لە دەستچووە یان بەشێکی پەیمانگایان یان زانکۆیان تەواو کردووە بە ئارەزووی ئەوان نەبووە، دەرفەتێك درا بەو کەسانە بەدەر لە قەبوڵی مەرکەزی و وەرگرتنی ناوەندی، لەم حاڵەتەدا چەند شتێك ئەوان ناگرێتەوە بۆ نموونە بەشە ناوخۆیی بەحوکمی ئەوەی ئێواران بۆ ئەو قوتابیانە بوو کە لە ناو شاردا بوون، پاشان لەبەرئەوەی ئێواران ستوونێکی تایبەتی خۆی هەیە کە زۆربەیان بەکالۆریۆسێکی هەیەو دێت بەکالۆریۆسێکی تر ئەخوێنێت، لەم حاڵەتە کە دێت بە ئارەزووی خۆت بەکالۆریۆسێکی تۆ ئەخوێنیتو ڕێساو یاساکانی ئێواران وەرئەگریت بۆیە من ناتوانم لە جیاتی ئەو پرۆژە پیرۆزە (پرۆژەی هیوا) قسە بکەم کە مەبەستیان چییە قوتابیانی ئێوارانیان لێ بێبەش کردووە، هەست ئەکەم هەر بە هۆی ئەو یاساو ڕێسایانەوەیە کە بەسەر قوتابیاندا هەیە کە قوتابی ئیش ئەکات، کارمەندە، لەبەرئەوە من ئەڵێم ئێواران بەو شێوەیە وەرگیراوە کە ئێواران بەشی هەرە زۆری کاروکاسبی ئەکات، دەوامی تری هەیە، وەکو بەیانیان نین هەموو کارێکیان خوێندن بێت لەم دواییانەدا بڕیارێکمان بۆ هات ئەوانەی بەکالۆریۆسێکی تریان هەیە ناتوانن لە ئێواراندا بخوێنن بۆ ئەوەی دەرفەتێك بدەن بە قوتابیانی تر بخوێنن لە ئێواراندا، لەبەرئەوە ئەبوایە ئەو قوتابیانەی بە قبوڵ مەرکەزی دێنە ئێواران هەر هەمان حسابی بەیانیان بۆ بکرایە چ لە پرۆژەی هیواو بەشە ناوخۆیی، هیوادارم قوتابیانی ئێوارانیش وەکو بەیانیان حیسابیان بۆ بکرێو لە پرۆژەی هیواو خزمەتگوزارییەکانی تر بێبەش نەکرێن.

تەرکیز ... لێهاتوویی مەرجی پێش فێربوونە

و: توانا مەحمود

لەم ساڵانەی دواییدا لەناو بە تەمەنەکاندا شەپۆلێکی فراوان بۆ پێشکەوتن لە ئارادا بووە، زۆرێك لەوان دوای ساڵانێکی زۆر لە جێهێشتنی خوێندن بۆ بەدەستهێنانی بڕواوامە، دووبارە لە پۆلە جیاوازەکاندا ناونوسیان کردووە، بە بڕوای زۆربەیان فێربوون ئاسان بووەو بە بڕوای هەندێکیشیان فێربوون دژوار بووە.

ئەگەر بڵێین ڕیشەی جیاوازی لە توانای فێربوونی ئەم دوو دەستەیەی کە ناومان بردن، هۆشی یان میزانی ئەوانە، شتێکی سادەیە.

پاڵنەرەکان بەشێوەیەکی گشتی لە هەردوو دەستەکەدا بەهێزە وا دێتە بەرچاو کە جیاوازییەکە لە توانای تەرکیزی ئەواندایە، بە گشتی ئەوانەی لە لەم بوارەدا تووشی کێشە بوون ئەڵێن کە هەرگیز توانای تەرکیزیان نەبووەو زۆرێك لەوان قەبوڵی دەکەن کە هۆکاری بەچێهێشتنی خوێندنەکەیان هەر ئەم هۆکارە بووە، ئاشکرایە کە فێربوون بە بێ تەرکیز شتێکی مەحاڵە، بە هۆی ئەمەوە بە ملیۆنان کەس دانپێدا دەڵێن کە لێهاتوویی ئەم مەرجەی پێش فێربوونیان نییە.

دەستەواژەی (وانایەکە بەرچاو کە بتوانم)، (هیچ کاتێك نەمتوانیوە هەستەکانم کۆبکەمەوە)، بەرادەیەکی زۆر پێویستی بە ڕوونکردنەوە نییە، لە ڕاستییدا مەبەستی زۆرێك لەم دەستەواژانە بە جۆرێك خۆپیشاندانو نمایشە، هەڵهێنجانی کەسانێك کە دەڵێن ناتوانن تەرکیزیان هەبێت ئەوەیە کە وەزعێکی بۆماوەییە لە دەرەوەی توانادایە.

ئەوە حەقیقەتێکە کە هەموو تاکە هۆشیارەکان کە زۆربەی ئێمە لەم دەستەیەین دەتوانین فێری تەرکیز ببین، خواستی یادگیری تەرکیز ئەبێت بە کونجکۆڵییەکی بەهێزەوە بێت، چونکە ئەمڕۆکە حەز بە یادگیری هەر شتێك هارایە لەگەڵ ئاسانکارییدا بەم هۆکارەوەیە کە سیستمی خوێندنی ئەمریکا لەبەریەك هەڵوەشاوەو ئەم هۆکارە ڕەنگە بۆ لێکهەڵوەشانی خێزان لە ئەمریکاشدا دروست بێت، دایکو باوکان و فێرکارانێك بۆ تەڵقینکردنی کۆنجکۆڵی پیری لە منداڵدا هەوڵنادەن، دەبێتە هۆی بارهێنانی کەسانێك کە تا تەمەنی پیری هیچ هیوایەتێکیان بەلای یادگیرییەو نەبێت، ئەوەی کە ئێوە ئەم بابەتە دەخوێنەوە بەڵگەی ئەوەیە کە بە لایەنی کگەمەوە بە شتێکی کەم کونچکۆڵی فیکرو ئارەزووتان بۆ پێشخستنی توانای تەرکیزی خۆتان هەیە.

کەواتە دەتوانن ئارەزووی یادگیری خۆتان کە ئێستا وروژاوە، درێژە پێبدەن، بەم پاڵنەرەوە دارای زەمینەی پێویستن بۆ بەهێزکردنی تەرکیزی خۆتان، پاشماوەی داواکراوەکمانیش قابیلی فێربونن.

زیادبوونی تەرکیز شتێکی زیاتر لە کۆکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی بیرۆکە جیاوازەکان و دەستکەوتنی ئاستی بااڵتر بە ئێوە هاوکاری دەکات. ئەبینن کە تەرکیز ئەبێتە هۆی ڕێنوینی کەری بیری مەنتیقی کە هاوکاریتان دەکات، کێشەو گرفتەکانی ڕۆژانە کە ئێستا بوونەتە مایەی فشارو نیگەرانی چارەسەر بکەن.

ئێوە بۆ یەکەمجار ئیمکان و جورئەتی پێوانی ڕێڕەوی ژیانی کەسیانێك دەدۆزنەوە کە لەبەر هۆشیو زیرەکیان هەمیشە لە جێی ئێرەیی ئێوەدا بوون، توانایی بە پێچەوانەی هەڵکەوتن لەهەر کەسێکدا کە زەحمەتی تاقیکردنەوەی کارەکان بخاتە سەرشانی خۆی دەتوانێت دوای ڕوون بوونەوە پەروەردە بێت.

بێگومان ئێوە بە ئاستێك گەیشتوون کە هەست دەکەن نەبوونی تەرکیز بۆتان گرفتەو نەتوانین لە دەستکەوتندا بە ناکامی حیساب دەکرێت، بە دوای ئەم مەحرونییەتەدا هەستی خۆبچووکی بە جۆرێکم لە ئێوەدا گەورە دەبێت کە هەتا ئەبێتە هۆی دابەزینی توانی تەرکیزیان.

دەورەی نەرێی هەر بەو شیوەیە گەورە دەبێت کە لەگەڵ هەر شکستێکدا زیاتر ڕەگ دادەکوتێتو کاتێك ئەم کارە مکاوەیەك بەردەوامی پەیدا کرد کەسەکە لە هەوڵدان بۆ فێربوونی شتەکان لەگەڵ کێشەدا ڕووبەڕوو دەبێتەوەو خۆی ناخاتە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی شکستی زیاتر.

میکانیزمی ناخوئاگا ئەوەیە کە هەستی شایستەی تاك ئەوەندە لە ناکامی دوای هەوڵدان زەرەرمەند دەبێت ئەوەندە لە دورگرتنی لە هەوڵدانی مێشکی زەرەرمەند نابێت، لە هەمانکاتدا نیازی بە بەردەوامی ئەم ڕابەرە نییە.

توانای فراوانکردنی هێزی تەرکیز کارێکی خودییە، ئارەزوو پاڵنەری یادگیریو ڕێگەی ئەم بابەتە، هەوڵدانە بۆ ئاشکراکردنی ئەم سەرمایە نادیارە، ئەگەر ڕێگەکان بە باشی بەکاربهێنن ئەتوانن دڵنیاو ئومێدەوار بن بە گەیشتن بەو ئامانجەی کە بۆتان مەحاڵ بوون.

هەستی تازەو هەڵچوونی پاڵنەری گوێنەدان کە بە دوای تەواوەتی بیرتاندا دێت، باشترین دەستکەوتێکە بۆ ئێوە.

سەرچاوە:
کتێبی ڕاهنمای تمرکز بهتر

تویشووی ڕێگا

عەفان شێخ صدیق سەرگەتی

بگری بۆ خۆت کاتێ!

دەبینی بەرامبەر ئارەزوو و شەهەوات لاوازی بەڵام بەرامبەر گوناهو تاوانکردن گەورەو جەریئی، بگری بۆ خۆت کاتێ!
مونکەرو خرابە دەبینی و خۆتی لێکەڕ دەکەیت و بەلایدا بە بێدەنگی هەنگاو دەنێیت دەڕۆیت، وە بەری کاری چاکەو خێرێشدا تێدەپەڕی و بەلایەنی کەمیشەو دەست باریان نادەیت،بگری بۆ خۆت کاتێ!
دیمەنێکی کاریگەر ریی فلیمێک دەبینی و چاوت هۆن هۆن فرمێسک دەڕێژێ، لەکاتێکدا بە خوێندن یابیستنی ئایەتەکانی قورئان هیچ کاردانەوەیەکت نابێ، بگری بۆ خۆت کاتێ!
کاتێ هەڵدێی و ڕادەکەی بەدوای دونیاو سەروەت و سامانێکدا کە هەرگیز نایگەیتێ، بەڵام هیچ کات کێبڕکێ ناکەی لەسەر تاعەت و گوێ ڕایەڵی خوای گەورە و ئەنجامدانی عیبادات، بگری بۆ خۆت کاتێ!
دەبینی نوێژەکانت هێندە ساردو سڕن وەک عادەت و لەکۆڵ خۆ کردنەوە ئەنجامیان دەدەی،لەکاتێکدا بەگەرمو گوڕی بەدوای شتی تردا ڕا دەکەی،بگری بۆ خۆت کاتێ!
کاتێ حیجابەکەت تەنها ڕووکەشێ بێ یاحاڵەتێکی کۆمەڵایەتی بێت و نابێتە پەیامێک و هەدەفێک،
بگری بۆ خۆت کاتێ!
کاتێ دەبینی نەفست ئامادەی وەرگرتنی گوناهو تاوانەو ، بەحەزو حوبەوە ڕۆ دەچێت لەناویاندا، بەکردار دژایەتی خوای گەورە و فەرمانەکانی بکات، بگری بۆ خۆت کاتێ!
کاتێ هەبینی چێژ لە عیبادەت وەرناگری،و نازانی لەزەت و خۆشی گوێڕایەڵیخوای گەورە لەچیدایە،
بگری بۆ خۆت کاتێ!
دەبینی خەمو خەفەت دایگرتوی‌و ڕێی دەڕیاز بوونت نیە، لەکاتێکدا تۆ سێیەکی شەوت هەیە و دەتوای ئەو خەمانەت لەو کاتانەدا بڕەوێنیتەوە، بگری بۆ خۆت کاتێ!
کاتێ بێهووەدە کاتەکانت بەسەر دەبەیت و دەشزانی لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکرێ بەرامبەر ئەو کاتانە، بگری بۆ خۆت کاتێ!
لەکاتێکدا دەزانی ڕێت بەهەڵە بڕیوەو ئەمڕۆ هەستت بەو هەڵەیە کردووە، پەشیمان نیت لەو ساتە بەنرخانەی تەمەنت کەلەو هەڵەدا بەسەرت بردوون.
بگری بۆ خۆت کاتێ!
زۆر بەکۆڵ لەسەر هەر گوناهو تاوانێک کە ئەنجامت داوە بەرلەوەی دوەرگاکانی تەوبەت لەروو دابخرێن و هاواربکەی(ارجعونی لعلی اعمل صالحا فیما ترکت) ئە وەڵامە ڕەقەت بدرێتەوە (کلا) چونکە تەمەنت ڕۆیی و نەتتوانی تۆێشوویەک ساز بکەی بۆ ئەو ڕۆژە.